# كڵاو و سەروبەست ستایلێكی هەردەم تازەی كوردی



كەرەستەی جوانكاری كوردەواری بەچەندەها ڕێگە و كاری جوانكاری دیزاین و ئامادەكاری بۆ كراوە، ئەمەش وادەكات كە ببێت بەیەكێك لەو ستایلە كۆنانەی كە لەگەڵ سەردەمی پێشوو و ئێستادا بگونجێ، ئەمەش لەئێكسسوار و شێوازەكانی دانانی مۆدەیەكی شایستە و شیاوە تاوەكو لەگەڵ كەلتور و هێماكانی كوردەواری بگونجێ، كڵاوەكانی سەر یان سەروبەست، ئەوانەش دەبن بەیەكێك لەمۆدەی ئێكسسوارەكانی ڕازاندنەوە و گەشاندنەوەی قژی سەری خانمان، بەتایبەت كاتێك لەگەڵ جلی كوردی، یان ئەو جلانەی لەستایلە كوردییەكانەوە نزیكن دەبەسترێت، لەم ڕێگەیەدا دەكرێ جوانییەكی ڕەها بەدی بكەین لەكڵاوەكان و پاشە سەر و سەروبەستەكان، كە لەچەندین دیمەنی جۆراجۆر و ڕازاوە پێكدەهێنرێن و دەبن بەیەكێك لەمۆدە جوانەكان لەستایلی كۆن و تازەی كوردی، كە دەكرێ لەگەڵ سەردەمی ئێستاش بگونجێ و لەبۆنە و یادە تایبەتی و گشتییەكان بپۆشرێن و بەجوانترین مۆدەش كاری خۆیان بەجێ بگەیەنن.

## ماكیاژی سادە ستایلێ



جۆری ماكیاژەكان وادەكەن كە شێوازەكانیان جیاوازیان لەگەڵ یەك هەبێ، بەتایبەت كاتێك جۆرە ماكیاژێك دەردەكەوێ یان ئامادەدەكرێ كە لەشێوە كلاسیكەكانەوە دەگۆڕێ و ستایلێكی دیكە دەگرێتە بەر، هەندێك جار دەتوانین لەماكیاژە سادەكانەوە جوانترین دیمەنی جوانی دیاری بكەین، بەتایبەت ئەوانەی پێستی ڕووخساریان ناسكە و بەبێ ماكیاژ جوانتر دەردەكەوێ، دانانی ئەساسێكی سادە، یان تۆخ دەكرێ گەورەترین ماكیاژی لێوە دەربكەوێ، بەتایبەت كاتێك ڕەنگەكان دژی یەكتر دەبن، یان

## هەنگاوەكانی هێڵكاری و ماكیاژی برۆ





لەژمارەی پێشوودا هەنگاوەكانی ماكیاژی چاومان باس كرد، كە خانمان دەتوانن سوودی لێوە وەربگرن و لەسەر وێنەكانەوە و هەنگاو بەهەنگاو دووبارەی بكەنەوەو ببنە خاوەن جوانترین و شایستەترین ماكیاژی چاو، لەم ژمارەیەشدا جۆرێكی دیكەی ماكیاژەكان بەسەر دەكەینەوە و لەیەكە بەیەكەی هەنگاوەكان سانایان دەكەین و تاوەكو خانمان بتوانن بەڕێگەیەكی سادە و بەبەهرەی خۆیانەوە هەنگاوێكی بچووك ئەنجام بدەن لەدانانی ماكیاژی برۆیەكان، كە بەهێڵكاری و ڕەنگێكی ڕەشەوە دەتوانن جوانترین ماكیاژی برۆ ئەنجام بدەن، زیاتر بۆ ئەوانەی برۆیان تەنك و سادەیە، لەسەرەتادا دوو هێڵ دانێ و دواتر بەبۆیەی ڕەش ڕەنگی سەر مووەكانی برۆ بكەن و دواتریش هێڵی كۆتایی لەدەرەوە و ژوورەوەی برۆكانت دانێ و بەم جۆرە و لەم هەنگاوانە لەگەڵ ئەوەی بەوردی سەیری بكەن و دەتوانن هەمان ئەنجامی وێنەی كۆتایی لەبرۆكانتان بەدی بكەن.







## ستایلی هەڵگرتنی قژ جوانترین تەسریحە

تەسریحەی قژ بەچەندین دیمەن و نەخش دادەنرێن، هەر یەكە جیاكارییەكی دیكەی هەیە لەگەڵ جۆرە تەسریحەیەكی دیكە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی قژیان خاوە، لەگەڵ هەر تەسریحەیەك جۆرە جوانییەكت بۆ دروست دەبێ، ئەمەش وادەكات لەدانانی چەندین جۆرە جوانی بۆ ڕووخسار، واتە دەكرێ تەنیا بەتەسریحەی قژ شێوازی ڕووخسارت گۆڕانكاری بەسەردا بێ، وەك ئەوەی تەسریحەی ماڵەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ تەسریحەی دەرەوە یان تەسریحەی ئاهەنگێك، یەكێك لەجوانترین و سەرنجڕاكێشترین تەسریحەكان، بریتییە لەهەڵگرتنی قژ لەبەشی دواوەی سەر، كە دیمەنێكی زۆر جوانی هەیە و وادەكات لەپێشەوە و دواوەش دیمەنێكی ناسكی





# رەنگی سوور قەشەنگترین رەنگە بۆ کراسەکان

رەنگەکان بە چەندین دیمەنی شایستەوە دەبێتە شێوە نەخشێکی جوان لەسەر جلەکان، یەکێك لە دوو هۆکارە گرنگەکانی جلوبەرگ کە بریتییە لە شێوە و رەنگ، بۆیە گرنگی رەنگ شایستەیە بۆ هەر جلوبەرگێك، بەڵام دەبێ ئەو رەنگە لەگــەڵ ئەو جۆرە جلەوە بگونجێ کە لەسەری دادەنرێ، رەنگەکانیش هەر یەکە شێوەیەکی سەرەنجڕاکێشی هەیە، یەکێك لە رەنگە سەرنجڕاکێشەکان گرنگی پێدەدرێ، رەنگی (ســوور)ە، کە رەنگێکە لــە دوور و نزیکدا هەمان شــێوەی جوانی خۆی هەیە، لە کاتێکــدا ئەگەر جلێکمان لەو رەنگە هەڵبژارد، بێگومان جوانییەکی رازاوە و نشونمایەکی بە ئەمەك دەردەخات، لەو جلانەی کە زیاتر لەگەڵ رەنگی سوور دەگونجێــن، جلی (کــراس و بۆدی)یە، زیاتریش لەگەڵ کراســەکان رەنگی سوور کاریگەر و قەشەنگ دەبێ.












## ـــکی قەشەنگ و شایستە

ڕەنگێك لەوەی دیکــە زەقتر دەبێ، بۆ نموونە: ئەگەر توانیمان ڕەنگی ئەساس لەڕەنگی زێڕی یان نزیك لــەزەرد یان قاوەییەکــی کراوە بێ، هەروەهــا ڕەنگی لێویش ســوورێکی تۆخ بێ، لەنێوان ئەو دوو ڕەنگەدا، ســتایلێکی هێمن و جوان لەماکیاژێکی سادە دروست دەبێ، چونکە تۆخی ڕەنگی ســوورەکە، وادەکات کە ڕەنگی ئەساســەکە بەتەواوی دەرنەکەوێ و جوانییەکە بەرەو ڕەنگە ســوورەکە بچێ، ئــەو وێنەیەش نموونەی ئەو جۆرە ماکیاژەیە کە بۆ ئاهەنگ و شوێنە گشتییەکان دەکرێ بەکاربهێنرێ.

## ـــەکانە بۆ ساڵی ٢٠١٢

هەبێ، لــەو کاتەدا ئەو جۆرە تەســریحە دادەنــرێ، کاتێك بەشــی پێشــەوەی قژ بەســادەیی واتە بەســەرحەوە بەرەو دواوە دەچێ، لەدواوەشــەوە بەهەڵگرتن کۆتایی دێ، بەڵام دەبێ ئــاگاداری ئەو لایەنەوە بین کــە جۆرە شــێوەیەکی دیاریکراو یان مەبەستدار بۆ نەخشی دواوەی هەڵگرتنی قژەکە دابنرێ.





# کۆنترین وێنەی قەڵای هەولێر

یەکێک لەئاسەوارە کۆن و دێرینەکانی کوردستان، ئەو قەڵا بەرزەی شاری هەولێرە کە بەیەکێك لەقەڵا کۆنەکان دادەنرێ و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر، وادیارە لەساڵی ١٩١٨ کامێرای وێنەگرتن گەیشتۆتە هەولێر و ئەو وێنەیەی گیراوە، کە وێنەی دەرگای کۆنی قەڵایە و لەخوارەوەش بازاڕێك هەبووە کە بەبازاڕی (هەراج) ناسراوە و لەوێوە شتومەکیان بۆ کڕین و فرۆشتن بەکاردەهێنا، قەڵای هەولێر لەو کاتە بەشێوەیەکی جوانتر دەرکەوتووە، کەچی لەوێنەکەدا بەکۆن دەردەکەوێ، چونکە ئەو کامێرایەی وێنەی پێگیراوە، کامێرایەکی تازە و سەرەتا بووە، بۆیە وێنەکەش بەکوالێتییەکی نزمەوە دەردەکەوێ، تەنانەت لەو ساڵەدا ئوتۆمبێل نەبووە، وەك لەوێنەکەدا دەبینین یەکێك لەئێستریکەوە دەردەکەوێ، ئەمەش مانای هاتوچۆ لەهەولێر بەوڵاغ و ئەسپ و ڕۆیشتن بووە.

## کچەکەی نانسی عەجرەم لەدایکی ناچێ



بەهۆی بەناوبانگی خانمە گۆرانیبێژ و ئەکتەرە بەناوبانگەکانی جیهان لەلایەن هەوادارانیانەوە لەگشت زانیارییەکی ئەو کەسە خۆیان بێبەش ناکەن، تەنانەت حەز دەکەن بزانن شێوەی منداڵ و هاوسەرەکانیشیان چۆنە، (نانسی عەجرەم)یش یەکێکە لەخانمە گۆرانیبێژە عەرەبیانەی ناوبانگێکی گەورەی هەیە و بەم دواییە سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، نانسی دوای ئەوەی ٣ ساڵ لەمەوبەر شووی کرد، ئێستا خاوەن کچێکە و بێگومان زۆربەی هەوادارانی خولیای بینینی کچەکەی نانسی عەجرەمن، ئەوەش وێنەی کچەکەیەتی کە ناوی (میلا)یە و لەساڵیادی لەدایك بوونی وێنەی گیراوە.



## خانمە نمایشەکارەکان و

خانمە نمایشەکارەکانی جیهان، لەهەر نمایشێکدا بەچەندین جلوبەرگی سەیر و جوانەوە خۆیان دەردەخەن، تەنانەت هەندێك لەو جلانە جێگەی سەرنجڕاکێشی دەبن و هەندێکیشیان لەجلێکی سادە خۆیان دەنوێنن، دوای ئەوەی هەر چوار نمایشکارە بەناوبانگەکانی وڵاتی بەریتانیا (لوسی – بیلی – جیسیکا – کارا)، بەبۆنەی ساڵی تازە بڕیاریاندا نمایشێکی تایبەت بەجلوبەرگی سانتا کلۆزە بکەنەوە، ئەمەش لەنمایشگای بەناوبانگی (تۆویی – TOWIE) خۆیان نمایش بکەن، ئەو جلانەش نموونەیەکن لەجلەکانی نمایشی جلی سانتا کلۆز.



# یاری بۆڵینگ لە کوردستان

بۆڵینگ یەکێکە لەو یارییە خۆش و بەچێژە جیهانیەی کە زۆربەی چینی گەنج و تەنانەت گەورەکانیش حەز بەو یارییە دەکەن، کە یارییەکی جەستە و وزە بەخشینە و بریتییە لەچەند پارچەیەك کە پێی دەگوترێت (بین)، لەدووری چەند مەترێکەوە دادەنرێ، دواتر یاریزان یان هەر کەسێ بیەوێ ئەو یارییە ئەنجام بدات، دەبێ بەتۆپێکی گەورە و نزیکەی (٣-٤) کیلۆ گرام دەبێ، بیهاوێژی و لەپارچەکان یان بینەکان بدات بۆ کەوتنیان، بەمەش خاڵت بۆ هەژمار دەکرێ، ژمارەی بینەکان (١٠) پارچەیە و ئەگەر بەشێوەیەکی دروست تۆپەکە بهاوێژی، دەتوانی هەر ١٠ بینەکە بکەوێنێت و بەمەش سەرکەوتوو دەبێ لەیارییەکە، ئەمەش وەك پێشبڕکێیەك دەبێ و کاتێك کۆمەڵە کەسێك لەنێوان یەکتر کێبڕکێ دەکەن بەمەبەستی کامەیان زۆرترین بین بەرداتەوە یان بیکەوێنێ.


## نمایشی جلی سانتا کلۆز



## (چاکێتی بێجاما)ش پەیدا بوو




یەکێك لەسەیرترین دیاردە تازەکانی داهێنان لەبواری جلوبەرگ، کە ئێستا دەرکەوتووە و جێگەی نیگەرانی گشت کەسێکە، ئەویش دروستکردنی قات و چاکێتە لەجێگەی قات و بیجامەی خەوتن بۆ پیاوان، ئەم مۆدە تازەیەش پێیدەڵێن چاکێتی بێجاما کە لەزمانی ئینگلیزی هاتووە (Suitjama)، هەمان شێوەی قات و چاکێتی هەیە و تەنیا ئەوە نەبێ قوماشەکە نەرمە و بۆ کاتی خەوتن و حەسانەوەیە، ئەو جلەش بۆ ئەو کەسانە زیاتر دروست کراوە کە خولیای چاکێت و قات و جلی فەرمین بۆ ئەوەی لەکاتی خەوتنیش بەو جلانەوە بخەون.







**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لەبواری سۆزدارییەوە کەمێك نائومێد دەبیت و هەست دەکەیت لەیەکگەیشتن لەبواری کۆمەڵایەتی و خێزانییەوە ئاسان نییەو لەدڵڕاوکێیدا دەژیت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بەساتێکی دژواردا تێپەڕدەبیت و هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەیت، ڕەنگە لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا ڕووبەڕوو ببیتەوە یان کۆسپێك بێتە بەردەم.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

دەستکەوتەکانت باشتر دەبن و هەست بە جموجۆڵی زیاتر دەکەیت، لەوانەیە ژیانی سۆزداری وات لێبکات کە هەست بە شادی و کامەرانی زۆرتر بکەیت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەست بە دڵتوندی و نارەحەتی دەکەیت، سەبارەت بە خزمێك یان دۆستێك پەرێشان دەبیت و دەکەویتە دڵەڕاوکێ، باری سۆزداریشت زۆر باش نابێت.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

لە پەیوەندیەکانت چارەسەری هەندێك ناکۆکی و کێشە دەکەیت، گەشتێك دەکەیت یاخود بەشداری چالاکیەك دەکەیت و فشارەکانیش کەم دەبنەوە



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لەپەیوەندی سۆزداری وریابەو ئاگاداری خۆتبە، لەوانەیە لێکدابڕان و یان ناکۆکییەك سەرهەڵبدات کەببێتە هۆی دڵەڕاوکێت

## سەیر و سەمەرکانی فەیسبووک

فەیسبووك ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەی کە زۆربەی گەنجانی کورد ڕوویان تێکردووە و تەنیا منداڵی ناو لانك ماوە باسی فەیسبووك بکەن، ئەمەش کە شتێکی باوە لەنێو کوردا هەرجارەو بەشتێکەوە دەگرن، چەندین حاڵەتی سەیر ڕوویداوە لەو دیاردە تازەیە، لەوانە کەسانێك هەن زیاتر لەئەکاونتێکیان هەیە بەچەندین وێنەی سەیرەوە و خەڵك سەرسام دەکات، لەسەیرترین حاڵەتدا، کچێک لەسەر فەیسبووکەکەی نووسیویەتی: ڕقم لە هەر هەمووتانە. هەزار کەس زیاتر لایکیان کردووە، زیاتر لە دووسەد کۆمێنتیان بۆ نووسیوە. کوڕێکیش لەسەر فەیسبووکەکەی نووسیویەتی: ئەمشەو خۆم دەکوژم. دوو کەس لایکی کردووە و یەکێکیش بۆی نووسیوە: یاخوا چاوت دەردەهات.




**بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە**

وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش



## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (شێخان) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (باڵندەیەکی بەهێز و چاو تیژ و گۆشت خۆرە)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٦) کۆ بکەیتەوە بەمانای (خۆشەویستی مەم لەداستانی مەم و زین)
- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆبکەیتەوە بەمانای (هێزێکی سرووشتییە و هەستی پێدەکەی و نایبینی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی قازانج و سوود)




## ئاسۆیی:

١- شاعیرێکی کوردە.
٢- دەوڵەتێکی ئەمەریکیە(پ)- جەراح.
٣- لە پر- وشەی سەرسوڕمان(پ)
٤- رزگارکەری گەلی کورد لە دەست زوحاك(پ) — خاس.
٥- مەلێکی گۆشت خۆرە- نیوەی وەرە- توورە(پ).
٦- دوو پیتی جیاواز- مانگێکی کوردییە.
٧- راناوە(پ)- مەقەد.
٨- (کاسب) وشەکانی پەرتوپڵاوە- ئێمە.
٩- جۆرە دارێکە- گوڵێکی کێویە بۆنی نییە(پ) — دژی پەیت(پ).
١٠- بە نرخ(پ) — کارەسات(پ).
١١- دەوڵەتێکە لە ئاسیا(پ)- ناوی کوڕانی عەرەبە.
١٢- بەری دارە بەنەدەخورێ- پیاو


## ستوونی:

١- گۆران بێژێکی کوردە .
٢- ژمارەیە(پ)- مامۆستا.
٣- ناسکە- نەینۆك .
٤- شیو(پ) عەشیرەت.
٥- جۆرە باڵندەیەکە(پ)- جۆری مێوەیە(پ) نیوەی کەپوو.
٦- ناوی کوڕانە(پ)- ١-٢ی مەزە- وەکو یەك.
٧- ئاوی(پ)- ئەو ژنەی دەبێتە فەرمانڕەوا.
٨- ئەو کەسەی قسەی باش دەرناکا- زەبارە.
٩- مۆر(پ)- نیوەی قودس- بەزەیی .
١٠- دڵ(پ)- نیشتمان- وتە .
١١- وەکو یەك — گیانلەبەرێکە شیری دەغل دەخوات- ئەستوو- نیوەی نرام.
١٢- دژی تاڵ(پ)- خواردنێکی کوردەوارییە.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ڕووداوەکان دڵت خۆش دەکەن، ئاسۆی سۆزداریشت دەگەشێتەوە بەخت لەکاروبارەکان هاوکاریت دەکات، گۆڕانکاریش لەبەرنامەی ژیانت دەکەیت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بەدوای پڕۆژەی گوماناوی مەکەوە، هەر کارێکی بەرەو ڕووتی دەکەنەوە لێی دڵنیابە ئینجا جێبەجێی بکە، ئەگینا لەوانەیە تووشی زیان ببیت



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئارام بەو بە بارودۆخی ژیانتدا بچۆرەوە، شتەکان ئەوەندە گەورە مەکەو پەلەشت نەبێت لەگەیشتن بەهیواو ئاواتەکانت.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ڕەنگە دڵت بە ئاراستەیەکی دیکە لێبدت، یاخود ئارەزووی رابواردن و خۆشی و شادی دەکەیت، هەروەها هەست بەئازادی و سەربەستی زیاتر دەکەیت



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەوەندە بیر لە هاوڕێ کۆنەکانت مەکەوە، ئێستا تۆ هاوڕێی نوێت پەیدا کردووە، پێویستە گرنگی بەهاوڕێ نوێکانت بدەیت، چونکە ئەوان تۆیان خۆش دەوێ.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

گرفتەکان چارەسەر دەکەیت و هەست بە چالاکییەکی زۆر دەکەیت، لەهەمان کاتیشدا توانات لەتێگەیشتنی ڕووداوەکانی دەوروبەر زیاد دەبێت.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی بۆنەیەکی ساڵانەت بۆ دەربچێ.

م ا ش ش ڵ

وەڵامی ژمارەی پێشوو (کریسمس)



## نوکتە

- یەکێك بۆ یەکەم جاری دەبێ بچێتە سینەما، فیلمەکە لەسەر گایەکی سەر شێت دەبێ و بەناو خەڵك دەکەوێ، ئەو کەسەش دەشڵەژێ و دەڵێ دەچمە دەرەوە، خەڵکیش پێدەڵێن : کاکە دانیشە و ئەوە فیلمە و هیچ نییە، کابراش دەڵێ : خۆ من دەزانم ئەوە فیلمە، بەڵام ئەو گا سەر شێتە چ دەزانێ سینەما و فیلم چییە!



## دیوانا شیعر

مەلای جزیری دەڵێ :

سرێ زولفاتە بکوللابی دوعا
هاتە دەستێ مەجلابێ دوعا
صوفی یی خەڵوە نیشین دەیجوور
هەردوو برهێن تەنەمحرابی دوعا
عەرچە کێ دێ بگرم صورەتێ حال
کوتوویی قبلەی ئەربابی دوعا
ژ دوعایی قدحک دەر دەستە
هەر سحر مەستی مەی و ناب و دوعا
گوڵێ اقبالێ ژ گوڵزاری قبول
مەچنی بوو دشە کەر خوابی دوعا
هەردو بورهێن تەژاخلاص و یقین
مەدڤێ سجدە بێدابێ دوعا
ژ دلمەک صافی ببین محرابێ
سجدەیەک لازمە دەربابی دوعا
مەبدل عروەتی وپقی بدەست
ژ پنایاتە سەر ئەلقابی دوعا
ژ ئەزەل بێک جهەتی دایە (مەلی)
هەرمە اخلاصە ژ اسبابی دوعا

س: ماڵێك بۆ شیعری کوردی

## مانای شتەکان لە خەون

**هێلکە** هێلکە لە ناو قاپ دابێت ئەوە ئافرەتە، ئەوەی ببینێ مریشکەکەی هێلکەی کرد کوڕی ئەبێت، خواردنی هێلکە بەکاڵی خواردنی پارەی حەرامە یان زینایە یان کارەساتێکی گەورەیە، ئەو کەسەی ببینێ هێلکەی بەدەستەوەیە هاوسەرەکەی وەك مردوی لێ دێت یان ببینێ هاوسەرەکەی هێلکەی کرد کوڕێکی کافرو بێ ئیمانی ئەبێت، کڕ کەوتنی مریشك لەسەر هێلکەو لەپاشان دا دەرچوونی جوچکە مانای زیندو بوونەوەی باس و کردەوەی مردوێکە، لەوانەشە ئەوەندەی ژمارەی جوچکەکان ئەو ماڵە منداڵیان ببێت ئەو کەسەی ببینێ هێلکەی زۆری هەیە ئەو کەسە دەوڵەمەندە مەترسی ئەوەی لێ ئەکرێت لەڕێ لا بدات، هێلکەی کوڵاو چارەسەربوونی کاروبارێکی ئاڵۆزاوە و دەست کەوتنی پارەیە و خواردنیشی ژن هێنانەو ژنەکەش دەوڵەمەندە، ئەو کەسەی هێلکەیەکی بدرێتێ ئەوە کوڕێکی ئەبێت ئەگەر هێلکەکە بشکێ کوڕەکەی ئەمرێ، ئەوەی تۆکڵی هێلکە بخوات ئەوە کفن دزە، بەکورتی هێلکە مانای ژن هێنان و منداڵ بون و زێڕو زیو و گۆڕ و کۆکردنەوەی پارەو هاتنەوەی کەس و کارە.

**سەرچاوە: خەوننامە!**